# کوردستان و بەرهەمە دامەزراوەیی‌یەکانی

گۆران بەهرامی

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەکان کە کوردستانیان داگیر و پارچەپارچە کردووە، ئەرکی چۆنیەتیی کۆنترۆڵ و ڕاڤەکردنی ئایین لە کوردستان کەوتە ئەستۆی ئەوان. هەرچەند دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە کوردستانی گەورە لە یەک ڕەهەندەوە شرۆڤە بکەین، بەڵام مۆدێلی بەڕێوبەری و هاوپێوەندی سازکردنی دامەزراوەی ئایین لە جوگرافییای کوردستاندا، دەکەوێتە ڕیزی مۆدێلی سێیەم، واتە دامەزراوەی دەرەکی کە بە هزری دەرەکی لە کۆمەڵگای کوردستاندا جێبەجێ کراوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت ئەو کەسانەی ئەم مۆدێلەیان پێشنیار کردووە، دان بەوەدا دێنن کە ئەم تیۆرییە دەتوانێ ببێتە هۆی سادەکردنەوەی بەراوردکارییانە و ئاڵۆزیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن دامەزراوەی خۆجێیی کە بە هێزی خۆجێیی بەڕێوە دەچێت، زیاتر بەردەوام دەبێت.

## پێشەکی

لە سەدەی ڕابردوودا، یەک لە سەرەکیترین مشتومڕەکانی بواری سیاسی-ئابووری و هەروەها تیۆریی هەڵبژاردنی گشتی،[۱] لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی دامەزراوە بووە. بۆ چەمکی دامەزراوە پێناسەی جۆراوجۆر هەیە و لە مانا بەرفراوانەکەیدا، بە ناوەندێک دەڵێن دامەزراوە یان ئەنیستیتۆ کە یاسای پێوەندیی نێوان ئەندامەکانی دیاری دەکات و بڕیاریان پێ جێبەجێ دەکات. دامەزراوە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک یاسا کە لە لایەن دامەزراوەوە پەسەند کراوە و چونکە ئەم یاسایانە دەستکردی مرۆڤن و بەپێی جێگا و کات لەنێوان ئەنداماندا سەلمێندراوە و هەروەها پێڕەو دەکرێن، زۆر جار چەمکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی[۲] دەکار دەکرێت. لەنێو زانایانی بوارە جیاوازەکاندا پێناسەیەکی گشتی بۆ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە و هەر بەم هۆکارە بە جێگای ئەوەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت، پێویستە دەکات کاراکترایز بکرێت و لە ڕەهەندی جیاوازەوە شرۆڤە بکرێت. هەرچەند چەمکی کۆمەڵگە[۳] چوارچێوەیەکی تەواوتر و هەروەها ئاڵۆزترە، بەڵام لەم وتارەدا باس لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات و ئیرادەی مرۆڤەوە بەرهەم نەهاتوون. کەوایە مەبەست لە چەمکی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەم وتارەدا ئاماژەیە بۆ کۆی یاسا فەرمی و نافەرمییەکان (نۆرمی کۆمەڵگە) کە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن.

لە درێژەی ئەم وتارەدا، سەرەتا پێناسەکانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی زانستیی جیاوازەوە دێنە بەر باس، بەڵکوو خاڵی هاوبەشی ئەم پێناسانە بو ناسینی کاراکتێری دامەزاوەی کۆمەڵایەتی دیاری بکەین. لە بەشی دووهەمدا هەوڵ دەدرێت ڕەهەندی جیاواز و جۆرەکانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی کارکرد و ئامانجی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و هەروەها مکانیزمی کارکردن و بەریەککەوتنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون ببێتەوە و بەشی کۆتاییی وتارەکەش کۆبەندی باسەکە پێک دەهێنێ کە لە چوارچێوەی کوردستان، کاراکتێر و میکانیزمەکانی دامەزراوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات سوود لە ڕوانگەی ئابووری-سیاسی لەمەڕ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی وەربگرێت و چەمکە پێوەندیدارەکان بە پرسی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە کانتێکستی کوردستاندا شرۆڤە بکات کە بێگومان گۆتارێکی نوێ پێشکەش ناکات. لە ڕوانگەی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسییەوە خوێندنەوە بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کراوە، بەڵام بواری ئابووری-سیاسی کەمتر باسی لێ دەکرێت. لەم سۆنگەوە، ئەم وتارە هەوڵ دەدات یارمەتیدەر بێت بەڵکوو «نرخ» وەک بەرهەمی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆنتێکستی کوردستاندا بەرجەستە بکاتەوە، هەروەها باسی بارودۆخی کورد وەک نەتەوە کە خاوەن چەندین دامەزراوەی جیاوازە بکات، بەڵکوو لەم ڕوانگەیەشەوە تیشک بخرێتە سەر کەموکووڕی و خاڵە بەهێزەکانیان.

سێ گریمانەی سەرەکی کە لەم وتارەدا بە بنەما گیراوە بریتین لە: یەکەم، ئابووری کە زانستی لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە و لەباری ڕەفتارییەوە تەک ڕەهەندانە نییە. واتە گشت کەسەکان بەرانبەرن و بۆ بەدەستهێنانی نرخی جیاواز ڕەفتاری جیاوازیان دەبێت. دووهەم، دامەزراوە ڕەفتارییەکانە کە مرۆڤ سنووردار دەکات، واتە لە هێندێک یاسای فەرمی-نافەرمی و هێزی داسپاندن پێک هاتووە کە چوارچێوەیەک دیاری دەکات بۆ ڕەفتارەکانی مرۆڤ و خۆی یاسای یاریکردن دیاری دەکات. سێیهەم، کولتوور و شێوازی ژیانە کە بە هۆی تێپەڕینی

کات و هەروەها لە پرۆسەیەکی لێکدانەوەیی لەمەڕ هەڵە و چاککارییەوە پێک هاتووە، واتە پێشتر دیزاین نەکراوە.

## پێناسەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی

هەرچەند لای زانایانی بوارە جیاوازەکانی زانستدا یەک پێناسەی گشتی بو شرۆڤەکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەئارادا نییە، بەڵام دەکرێت خاڵە گرینگەکانی هەر کام لەو پێناسانە جیا بکەینەوە، بەڵکوو پێناسەیەک کە نزیکتر بێ لە هەمووان، وەک خاڵی هاوبەش دیاری بکەین و لە ڕێگای کاراکتێزەکردنی[۴] دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەوە بگەین بە پێناسەیەکی هاوبەش. زۆر لە زانایان، لەوانە «ویلیام ریکەر»[۵] (Ricker, 1982: 155) لەسەر ئەوە کۆکن کە بەبێ تێگەیشتن لە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ئێمە ناتوانین لەسەر نرخ[۶] بدوێین. کەواتە نرخ یان بەها، بە مانا بەرفراوانەکەی، لێرەدا بەرهەمی سەرەکیی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. لەم پێوەندییەدا نرخ بە واتای دەرئەنجامی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی ڕەچاو کراوە کە سوود یان زیانی بو یەک کەس، چەند کەس و یان کۆی کۆمەڵگە دەبێت، کەواتە دەکرێ باش یان خەراب بێت و نرخەکان بە پێی ئەوەی چەند کەس سوودیان پێ دەگات و ئەم سوودە تا چەندە بەردەوام دەبێت، لەبەرچاو دەگیرێت. بۆ نموونە سیستەمی ئاودێری لە کشتوکاڵدا کە سەرچاوەکەی یەک کانی بووە، لە ڕێگای ڕێککەوتن لەنێوان باخدارەکانەوە کەسێک وەک «میراو» دیاری دەکەن، بەڵکوو ئەرکی دابەشکردنی ئاو لەنێوان باغەکان وەئەستۆ بگرێت. خاڵی سەرنجراکێش لەم ڕێککەوتنەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نەریتی ئاگای لە سنوورداربوونی سەرچاوەکانی ئاو بووە و هەنووکەش یەک لە بنەما گرینگەکانی ئابووری لە دنیای مۆدێرندا ئەوەیە کە سەرچاوەکان سنووردارن[۷]، لە هەمان کاتدا بە ڕەچاوکردنی تیۆریی یاری توانیویانە پێوەندییەکی ئۆرگانیک پێک بێنن، بەڵکوو هەموو لایەنەکان سوودی لێ ببینن و ئەم سوودە تەنیا لە خزمەت جیلێکدا نەبێت. ئەم پێوەندییە ئۆرگانیکە هۆکارێک بوو کە هەم سەرچاوەکان و هەم باخەکان بۆ جیلی دوای خۆیان بە میرات بەجێ بهێڵن. کەواتە لەم پێوەندییەدا، نرخ بەرهەم هاتووە و لە ڕێگای میکانیزمەکانی بەردەوامبوون، خۆی بەرهەم هێناوەتەوە (Lofthous, 2019).

«چارلز پلات»[۸] لە بواری تیۆریی هەڵبژاردنی گشتییەوە[۹] هاوکێشەیەک دادەڕێژێت و دەڵێت؛ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە یاسایەکن کە دیاری دەکەن تاک لە کۆمەڵگەدا چۆن خۆی دەربخات، پیوندی ساز بکات و مافی بەرایی[۱۰] خۆی هەڵبژێرێت (Plott, 1979: 160).واتە:

دامەزراوە + مەجال + مافی بەرایی = ئەنجام

ئەنجام یان ئەو شتەی دواجار وێنا دەکرێت، لەم فۆرمولەدا کۆبەندێک لە مەجال و مافە بەراییەکان پێک دەهێنێت کە لە دامەزراوەیەکدا بەدی دەکرێن. واتە دەرئەنجام دەبێ لە لایەن دامەزراوەوە پەسەندکراو بێت، چونکە ئەوە دامەزراوەیە کە دەرئەنجامەکان دەنرخێنێت و دیاری دەکات کام یەک لە دەرئەنجامەکان قەدەغە یان ڕێگەپێدراون. ئەگەر دەرئەنجامێک بە پێی یاساکانی دامەزراوە و بریاری بژاردە بەردەستەکان دیاری کرابێت کە پەسەندی دامەزراوە نەبێت، ئەوا دەبێتە جێی پرسیار و گومان. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراودا هەرچەند بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان گشت کەسێک مافی ئەوەی هەیە مۆڵکی خۆی بفرۆشێت و دەسەڵات بۆی دیاری ناکات بە کێی بفرۆشێت، بەڵام ئەگەر هاوڵاتییەکی بیانی بێت ئەوا دامەزراوە ڕێگای پێ نادات، چونکە

پەسەندکراو نییە، هۆکارەکەش ئەوەیە کە مافی خاوەندارێتیی گشتیی کۆمەڵگە (وڵات) لە سەرەوەی مافی تاکە کەسییەوەیە. بەم هۆیەوە لە وڵاتێکدا کە سەروەریی سیاسی هەیە، سەرەڕای یاسای کۆمەڵایەتی یاسای حکوومیش ڕۆڵی سەرەکی دەبێت، بەڵکوو چاوەدێریی پرۆژەی کڕین و فرۆشتنی موڵکی هاوڵاتییان بکات و ڕێگە نەدات ئەو جۆرە سەودایانە هەڕەشە لە سەروەریی سیاسیی نەتەوەیەک بکەن. بۆ نموونە ئەو یەهودییانەی لە خاکی فەڵەستیندا نیشتەجێن و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیسرائیل دەژین، هەرچەندە ئەو شوێنانە لە پرۆسەیەکی داگیرکاریدا لە لایەن یەهوودییەکانەوە کڕدراون، بەڵام بە پێی یاسای ژمارە ۴۹ی پەسەندکراوی ژنێڤ، گواستنەوەی شارۆمەندانی داگیرکەر بو خاکی داگیرکراو قەدەغە کراوە (Geneva Conven-tion, 1949: 23).

ئەم هاوکێشەیە جەخت لە کەرتە تایبەتەکان دەکاتەوە و ئەنجام بەو کەرتانەوە دەبەستێتەوە، واتە کەرتەکان دەبێ عەقڵانی[۱۱] بیر بکەنەوە و پارسەنگی قازانجەکانیان وەها ڕابگرن کە زەرەری بۆ بەرژەوەندیی گشتی نەبێت. بۆ نموونە، لە زۆر ناوچەی کوردستان سەبارەت بە شاخاوی بوونیان، مەجالی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ کەم بووە و خەڵک ڕوویان لە ئاژەڵداری و باخەوانی کردووە، لە دۆخێکی وەهادا کۆمەڵگە بڕیاری داوە لە ڕێگای هەناردەکردنی بەرهەمەکانیانەوە ساتوسەودا لەگەڵ ئەو ناوچانە بکەن کە بەرهەمی کشتوکاڵیان زۆرتر بووە. ئەم شێوە بازرگانیکردنە لەسەر بنەمای پسپۆڕبوون[۱۲] ئەنجام دراوە. واتە بە ئەزموون و لە ڕێگای تاقیکارییەوە کەرتە تایبەتەکان هەڵیان بژاردووە کە بازرگانیکردن دەتوانێ سوود بە هەر دوو لا بگەیەنێت، هەروەها ئەم پێوەندییە ئابوورییە توانیویەتی کولتوورێکیش دابهێنێ بە ناوی «کاروان کردن». سیستەمی بازرگانی لە دنیای مۆدێرنیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە، وەها کە پێویست ناکات کۆمەڵگایەکی مرۆیی هەموو شتێک بەرهەم بێنێت، بەڵکە دەشێ لە ڕێگای ئاڵوگۆڕەوە نیازەکانی خۆی دابین بکات. بۆ ڕوونتربوونەوەی ئەم بەشە، بە پێویستی دەزانم پێناسەیەک بۆ تێرمی «تێچووی دەرفەتی جێگرەوە»[۱۳] بکەین، واتە تێچووی هەڵبژاردنەکانمان دەبێ تا چەند لە قازانجی ئێمە بێت، بەڵکوو ناچار نەبین جێگرەوەی دیکە هەڵبژێرین. بۆ نموونە ناوچەیەک کەشوهەواکەی گونجاو نییە بۆ بەرهەمهێنانی گەنم، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی سێو گونجاوترە، واتە بەراورد بکەین کە بۆ بەرهەمهێنانی یەک فەردە گەنم دەبێ چاوپۆشی لە بەرهەمهێنانی چەند کیلۆ سێو بکرێت. دیارە کۆمەڵگای کۆن چ لە کوردستان و چ لە ناوچەگەلی جیاوازی جیهان، بەبێ ئەوەی ئاگاداری تیۆرییەکانی ئادام ئیسمیت و ئابووریناسەکانی دیکە بن، لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکارییەوە فێری تێچووی دەرفەتی جێگرەوەکان بوون و بەو یاسایە کاریان کردووە.

بە پێی ئەو دوو پێناسەیە کە ئاماژەیان پێ درا، دامەزراوە و یاساکانیان ڕۆڵیان هەیە لە کولتوور و شێوەی پێوەندییەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا، بەڵام «ئەندروو سکاتێر»[۱۴] باوەڕی وایە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی یاسای یاری کار ناکەن بەڵکە هەڵقوڵاوی بڕوای گشتین. بە بڕوای ئەندروو بە پێی ماوە و هەروەها شێوازی هاوپێوەندیی ئەندامانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، باشترین یان عەقڵانیترین ستراتیژی دادەڕێژرێت و بە هۆی تێپەڕینی کات و دووپاتکردنەوەی ئەزموونەکان، لە کۆمەڵگەدا گشتگیر دەبن (Schotter, 1981: 155). مەبەست لەم وتانە ئەوەیە کە زانست بە تەنیا ڕۆڵی نییە، بەڵکە ئەزموونی کردەیی و کولتوور باشترین ڕێگاچارەکان دەدۆزنەوە. بۆ نموونە هۆکاری



ئاوەدانکردنەوەی بەشـێکی زۆر لە گوندەکانی کوردستان لە ناوچە سەخت و شاخاوییەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنـی تەناهی، واتە بە پێی ئەزموونی گشتی بەو ئەنجامە گەیشتوون کە بۆ پاراسـتنی خۆیان لە هێرشی دەرەکی، باشترین شوێن بۆ ژیان بەرزاییەکانە. لێرەدا دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و کولتوور دوو یەکەی جیا، بەڵام گرێـدراوی یەکترن و کاریگەرییان لەسـەر یەکتـر هەیە. بـە گۆتـەی «دان لافوی»[١٥] کولتوور چوارچێوە یان کانتێکسـتی تاک لە کۆمەڵگەیەک دیاری دەکات کە هەموو جۆرە کردارێکی تاک واتادار دەکات و هەروەها ئەوە کولتوورە کە مەجال بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێ و یارمەتی دەدات لە هەڵبژاردن و بەهەندگرتنی بڕیارەکاندا سەرپشـک بن (Lavoie, 1991) کەواتـە کولتوور گرینگیـی تایبەتی هەیە بۆ کارایی دامەزراوە و هەروەها دامەزراوەکان بە پێی یاسا و ڕێساکانی پیوەندی گرتنەوە دەتوانن کولتوور بەرهەم بێنن یان کولتوورێکی تایبەت بگۆڕن. بۆ نموونە کولتووری ڕاو لە کوردستاندا شـتێکی باو بـووە و لە سـەدان چیرۆک و بەنـد و گۆرانیـدا وەک کولتوورێکی ئەرێنی باسـی ڕاو کراوە و لە پاڵ ئەم شـێوە ژیانەدا هونەر و هێنـدێ جاریش میتۆلۆژیی تایبەت بەرهەم هاتووە. بۆ نموونە لە چلوپێنج شـەو دوای زسـتاندا ئەڵێن «ئەمشەو کۆری سەیاد (ڕاوچی) چووە بـۆ ڕاو» کە ئاماژەیە بۆ گەرم بوونـی زەوی و کۆتاییهاتنی سـەهۆڵبەندان. بـەڵام دامەزراوە زانسـتی و ژینگەیییەکانی پاش سەدەی بیستەم، چی دیکە داکۆکی لە پیشـەی ڕاوکردن ناکەن و لە پێناو پاراستنی ئێکۆسیسـتەم و ژینگەدا؛ ئەم جۆرە کولتوورە بـاوی نامێنێـت و کولتـووری ژینگەپارێزی جێگای دەگرێتەوە و زۆرتر بەهەند دەگیرێت. لەم سـۆنگەوە و لـە چوارچێـوەی گوتاری ژینگەپارێزیـدا، دیسـان دامەزراوە یاسـا و نۆرمێکـی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە و کۆتایی بە کولتوور و پیشەیەک دەهێنێت کە سەدان ساڵە لای مرۆڤ بەهەند گیرابوو.

هەڵبـەت بـە درێـژی سـەبارەت بـە هاوردەکـردن و کاریگەرییەکانـی دامەزراوە دەرەکییەکانیش لەسـەر ژینگەی کوردەواری قسـە دەکەین، بـەڵام بەر لـە کۆتاییی ئەم بەشە بە پێویسـتی دەزانم شرۆڤەیەکی زیاتر لەمەڕ ڕۆڵی یاسا[١٦] بکرێت. بۆ کردنەوەی ئەم باسـە خۆ لە مانای لەکسیکاڵی یاسا دەبوێرم، چونکـە زۆر یارمەتیدەر نابێـت، ئەو بابەتەی کە جێـگای سـەرنجی ئەم وتارەیـە مانای ستراتیژیکی یاسایە، واتە ئەو ڕێسایانەی تاک لە کۆمەڵگەدا ملکەچیان دەبێت و بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕیار و لە کاتێکی دیاریکراودا کاری پـێ دەکەن. لەم گۆشـەنیگایەوە ئەوە یاسـاکانن کـە دیـاری دەکـەن ئەندامانی دامەزراوەیەکـی کۆمەڵایەتـی دەتوانن چی هەڵبژێـرن، چـی یاسـاغە و چ ئەنجامێک

دەتوانــێ لــە کۆمەڵگــەدا مەشــرووعییەتی هەبێت. یاســاکانی دامــەزراوە ئەگەر لەگەڵ کولتووری گشتیشــدا ناتەبا بن، بەڵام توانای گۆڕینی ڕەفتاری خەڵکیان هەیە بە مەرجێک ئەندامانــی کۆمەڵگە پەیــڕەوی لێ بکەن. بۆ نموونــە لە کۆنەوە، بەبێ ئەوەی سیســتەمی دەوڵــەت بوونــی هەبــوو بێت، ســنووری گوندــەکان دیــاری کراون و هــەر گوندێک ئاژەڵی خــۆی لەنێو ســنووری لەوەڕگاکانی خۆیــان بەخێو کــردووە. لێرەدا ڕۆڵی یاســا لە ڕەفتــاری خەڵکــی گوندەکانــدا بەرچاو دەکەوێت کە بەپێــی ڕەزامەندیی لایەنەکان مافــی خاوەندارێتیــی یەکتریــان بە فەرمی سەلماندووە. ئەوەی ڕاستی بێ، ڕێککەوتنێکی وەها هەمان یاسای مافی خاوەندارێتییە[١٧] کە لە ســەردەمی مۆدێرندا پارێزگاری لە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگە دەکات.

بــە کورتــی دامــەزراوەی کۆمەڵایەتی ناوەندێکــی ئینتزاعی یان واقعییە کە یاســا، مــاف و مەجال دیــاری دەکات بــۆ کۆمەڵە خەڵکێک بەڵکوو بگەن بە ئەنجامێکی تایبەت. کاراکتێرەکانــی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بریتین لە: یەکەم، نــرخ (ئەرێنی و نەرێنی) بەرهــەم بێنن، دووهــەم؛ جۆرێک لە نەزم و ڕەفتار دابهێنن و هەروەها مافی خاوەندارێتی بە فەرمی بناســێنێت. ئەم ســێ کاراکتێرە زۆر گرینگــن، چونکە لــە چوارچێوەی مافی خاوەندارێتیدا، نەزمی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش دەتوانێ نــرخ بەرهەم بێنێــت و بیپارێزێت. لە ڕوانگەی زانســتی جیــاوازەوە، بۆ نموونە کۆمەڵناسی و سیاسەت، کاراکتێری جیاواز بو دامەزراوە دیاری کــراوە و لە بواری ئابووری سیاسیشــدا دەتوانین ســێ لە سەرەکیترین کاراکتێرەکانی دامەزراوە بەم چەشــنە دیاری بکەین:

١ خۆ بەرهەمهێنانەوە یان بەرهەمهێنانی نرخ
٢ پارێزگاریکردن لە مافی خاوەندارێتی
٣ داهێنانی نەزمــی ڕەفتاری لە کۆمەڵگەدا، واتە شارستانییەت

## مۆدێلەکانی دامەزراوە

لە ســەردەمێکەوە کە مرۆڤ ژیانی بەکۆمەڵی هەڵبژاردووە، دامەزراوەش دەستی پێ کردووە. بــۆ نموونە لــە ســەردەمی ڕاوچییەتیدا کە مــرۆڤ بێجگە لە ڕاوکــردن داهاتی دیکەی نەبــووە، دامەزراوە لەئارادا بــووە. واتە پیاوان چــوون بــو ڕاو و ژنانیش ئەرکی پاراســتنی منداڵانیــان لە ئەســتۆ بووە، لــە دۆخێکی وەهادا جیاکاریی هێزی کار دروســت دەبێت و ئــەم بەرپرســیارەتییانە نەزمێکی بە ژیان بەخشــیوە. بە گشــتی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک و بە پێی ســەردەم، دامەزراوەی فرەچەشــن وێنا دەکرێت کە لــەم وتارەدا ئاماژە بە پێنج دامەزراوە دەکرێت کە لە گشت کۆمەڵگایەکدا تا ڕادەیەک بــەدی دەکرێن: ١ دامەزراوەی ئایین، ٢ دامەزراوەی بنەماڵە، ٣ دامەزراوەی پــەروەردە، ٤ دامــەزراوەی حکوومــی یان بەڕێوەبردنــی سیاســی و ٥ دامــەزراوەی ئابووری. ئەم دامەزراوانە هەرچەند لە ئەرک و کاراکتێردا جیاوازن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. لەم بەشــەدا هــەوڵ دەدەم بە کورتی دامــەزراوەی ئایین، پەروەردە، بنەماڵە و ئابووری شــی بکەمەوە و دواتر دامەزراوەی حکوومی یان بەڕێوەبەری بە شێوەی تایبەت شرۆڤە دەکەم کە هەژموون و کۆنترۆڵی لەسەر دامەزراوەکانی دیکە هەیە.

## دامەزراوەی ئایین

یەکەم پرســیار لێرەدا ئەوەیــە داخوا ئایین دامەزراوەیە؟ واتە، دەتوانێ لە کۆمەڵگەدا نرخ بەرهــەم بێنێت؟ پرســیاری دووهەم ئەوەیە؛ ئەگەر ئاییــن دامەزراوەیە، چ کاریگەرییەکی لەســەر کۆمەڵگە هەیە و لە بواری ئابووری-سیاســی و هەروەها کۆمەڵناســییەوە چۆن پێکهاتــە و میکانیزمەکانــی کارکردنــی دامەزراوەی ئایین پێناســە دەکرێت؟ سەرەتا

پێویســـت دەکات بەکورتی دامەزراوەی ئایین پێناسە بکەین، بەڵکوو بیسەلمێنین کە ئائین دامەزراوەیە، دەتوانێ نـــرخ بەرهەم بێنێت و لە باری ئابووریشـــەوە چۆن ئینترۆپینرشیپ، وەک مۆدێلێک بـــو پێوەندییەکانی دامەزراوە پێـــک دەهێنێـــت. ئینترۆپێنرشـــیپ[١٨] پرۆســـەیەکە بـــۆ بەرهەمهێنانی نـــرخ کە لە رێـــگای گەشەســـەندوویی و رێکخســـتنەوە مسۆگەر دەبێت.

یـــەک لـــە کارکـــردە گرینگەکانـــی ئاییـــن دۆزینـــەوەی وڵامێکـــە بۆ پرســـیارە مێتافیزیکییەکانـــی مـــرۆڤ و، هـــەر ئـــەم کارکـــردەش رۆڵی ئایین وەک رێپیشـــاندەر بۆ شـــێوە ژیانێکی تایبەت کـــە پێوەندی بە داهاتووی مرۆڤەوە هەیە، بەهێز دەکات. لەباری کولتووریشـــەوە مرۆڤ ئایین وەک بەشێک لە ناســـنامەی خۆیان دەســـەلمێنن و هەر ئەم رەهەندە کولتوورییەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەهێزبوونی باوەڕ و گشتگیربوونی یاساکانی ئاییـــن لە کۆمەڵگەدا کـــە دواجار کاریگەریی راســـتەوخۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت. بۆ نموونە کەسێک کە خۆی بە موسڵمان پێناسە دەکات، بەپێی یاسایەک کە ئیسلام بۆ ماڵیات و باج دیاری کـــردووە، رەفتار دەکات. کەوایە دەتوانین بڵێین ئاییـــن دامەزراوەیە، چونکە رۆڵی هەیە لە ســـازدانی بڕیار و ئەنجامەکان. ســـەبارەت بـــە ئابـــووری، لە زۆر یـــەک لە کۆمەڵگەکاندا لەســـەر ئەم پرسیارە کە داخوا دامەزراوەی ئایین دەتوانێ نرخی ئەرێنی یان نەرێنی لە کۆمەڵگایەکی باوەڕمەندا دروست بکات، بە بەردەوامی مشـــتومڕی زۆر لەئارادا هەبووە، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبـــێ تەبایییەک لەنێوان دامەزراوەی ئایین و دامـــەزراوەی کولتـــووردا هەبێـــت، بەڵکوو بەگژ یەکتـــردا نەچنەوە و نەبنە هۆکارێک بۆ بەرهەمهێنانی دژەنرخ لە کۆمەڵگەدا. هەڵبەت ئەمە ئەرکـــی دامەزراوەیەکـــی گەورەترە کە هەژمۆنی هەبێت لەسەر دامەزراوە کولتووری و ئایینییەکان، واتە دامەزراوەی حکوومی، چونکە هەم هێزی پاڵپشـــتی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئایین و کولتوور، هەم ســـەرچاوەی پێویستی لەبەردەســـتدایە بۆ داهێنانی میکانزمێک کە ئـــەم دوو دامەزراوە لە کۆمەڵگەدا تەبا و رێک بخات.

ئەبوو حەنیفە ئەیوب[١٩] لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە رۆڵی دامەزراوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتـــە ئیسلامییەکاندا دەڵێـــت: «ئابووریی نوێـــی جیهان لـــە وڵاتـــە مۆســـڵمانەکاندا نەک وڵامـــی نەداوەتەوە، بەڵکـــە کاریگەریی نەرێنیشی هەبووە لەسەر سیستەمی ئابووریی کلاســـیک. چونکـــە «بڕیـــارە» ئابوورییەکان بەپێی مەرجەکانـــی لیبەرالیزمی ئابووری کار دەکەن کە نامۆیە لەگـــەڵ مەجال و مەرجە کولتوورییەکانی وڵاتانی موســـڵمان» (Ayob, 2019: 649). واتـــە ئابووریـــی مۆدێـــرن لەم سەردەمەدا و لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بەپێی مەجالەکانی سیســـتەمی ئابووریی جیهان کار دەکات و کاراییەکەی تەنیا ڕاگرتنی ئابووریی وڵاتە نـــەک بەرهەمهێنانی نرخـــی ئەرێنی. سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان، شیکاریی پێوەندیی نێوان دامەزراوەی ئایین و ئابووری کارێکـــی ئەســـتەمە، چونکە کـــورد خاوەنی دەوڵەتـــی خۆی نییە کە لەو پێوەندییەدا لێی بکۆڵێتـــەوە، بەڵام دەتوانیـــن بڵێین پێوەندیی دامـــەزراوەی ئایین و دامـــەزراوەی کولتوور، ئابووری و سیاســـی لە کوردســـتاندا بە دوو هۆکاری سەرەکی پێوەندییەکی ئاڵۆزە؛ یەکەم، نەبوونی سیستەمێکی بەڕێوبەریی گشتی کە ئەرکی ئایین لە کوردســـتان روون بکاتەوە و دووهەم، فرەچەشنبوونی ئایینە لە کوردستان کە لە بنەڕەتدا یەک لە هۆکارەکانی ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسیی کوردستانیشە.

تـــا ئـــەو جێگایـــە پێوەندی بـــە دۆخی کوردســـتانەوە هەیە، کاریگەریـــی ئەرێنی و نەرێنیی دامەزراوەی ئایین لەســـەر شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەبووە کە دەتوانین

ئاماژە بە چەند نموونە بکەین: ڕۆڵی شێخ و کەسایەتییە ئایینییەکان بۆ زیندووکردنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانە بە دوای سەرکوتکرانی سەرۆک هۆز و میرنشینەکان، بوونی چەکداری کورد لەناو ڕیزەکانی هێزی داگیرکەر بە ناسنامەی ئایینییەوە وەک جاشەکان کە بە ناوی «پێشمەرگەی موسڵمان» و بە دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشدارییان کرد لە سەرکوتی خەباتی میللی دیمۆکراتیکی کورد، فەرمانی جیهادی خۆمەینی دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکەڵبوونی سەدان گەنج لەناو ڕیزەکانی داعیش کە دژی نرخەکانی کوردستان شەڕیان دەکرد، خۆ نەبانکردنی پێکهاتە باوەڕمەندەکانی مەزهەبی شیعە لە شۆڕشی ڕزگاریی ڕۆژهەڵات و تەنانەت ڕێکخستنی گرووپگەلی چکۆلە لە ڕۆژهەڵات بە ناوی سەلەفییەت کە دوور نییە بە پاڵپشتیی دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی تێکدانی بارودۆخی ڕۆژهەڵات سەریان هەڵدابێ و زۆر نموونەی دیکە کە هەر کام شرۆڤەی تایبەت بە خۆی دەوێت و هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی دامەزراوەی ئایین لە کۆمەڵگە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دامەزراوەی ئایین لەمەڕ دارشتنی بڕیار و جێبەجێکردنی کار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە ڕۆڵی دامەزراوەی حکوومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەی ئایین پێویستیمان بە شرۆڤەیەک هەیە، بەڵکوو مۆدێل و میکانیزمەکانی بەریەککەوتنی دامەزراوەکان ڕوون بکاتەوە. واتە مۆدێلێک بۆ دیاریکردنی چۆنیەتیی گرێخواردنەوەی دامەزراوە بە کولتووری گشتیی کۆمەڵگە کە لە وتاری «بۆتێک و ئەوان[۲۰] ئاماژەی پێ دراوە. ئەم مۆدێلە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بەڵکوو زیاتر لە شێوازی پێوەندیی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ دامەزراوەی ئایین تێ بگەین. لەم مۆدێلەدا ئاماژە بە دامەزراوەی خۆجێیی کراوە کە بە هۆی کات و بەپێی ئەزموونی کۆمەڵگە، پێک هاتووە و لە لایەن هێزی خۆجێییەوە پشتگری دەکرێت. نموونەیەکی دیکە لە دامەزراوە خۆجێییەکان کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا نین، بەڵکە وەک مۆدێلێکی هاوردە لە لایەن بەشێکی کۆمەڵگاوە بەهەند گیراون و بە دامەزراوە دەرەکییەکان پێناسە دەکرێن. مۆدێلی یەکەم، خۆڕسکە و لە هەناوی کۆمەڵگەدا و بەپێی ئەزموون پێک هاتووە، مۆدێلی دووهەم، کانستراکتە و لە لایەن بەشێکی ئەندامی کۆمەڵگەوە هاوردە کراوە و کار بۆ جێگیرکردنی ئەو دامەزراوە خۆجێییە دەکەن. بەڵام لەم نێوەدا، مۆدێلێکی سێهەمیش هەیە کە نەک لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە هاتووە، بەڵکە لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە پشتگری دەکرێن و کار بۆ جێگیرکردنیان دەکرێت. بە گشتی دەکرێ سێ مۆدێلی دامەزراوەی خۆجێیی لە کۆمەڵگەدا بەدی بکرێن:

۱ دامەزراوەی خۆجێیی کە بەشێکە لە نەریتی کۆمەڵگە و بە هێزی خۆجێیی جێبەجێ دەکرێت[۲۱]

۲ دامەزراوەی دەرەکی کە بە هێزی خۆجێیی جێبەجێ دەکرێت[۲۲]

۳ دامەزراوەی دەرەکی کە بە هێزی دەرەکی جێبەجێ دەکرێت[۲۳] (Boettke& Conyne, 2008).

ئێمە دەزانین کە کۆمەڵگای کوردستان سەرچاوەی ئایینی ئیسلام نەبووە و کەچی زیاتر لە سەتا نەوەدی نەتەوەی کورد مۆسڵمانن. هەر چەند تارادەیەک کولتوورێکی سیکۆلار چ لە دامەزراوەی کولتوور و چ لە شۆڕشە ڕزگاریخوازانەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت، بەڵام ڕێژەی باوەڕدارانی ئیسلام لە تاکەوە بۆ تاک و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. واتە دامەزراوەی ئایینی ئیسلام وەکوو دامەزراوەیەکی دەرەکی لە کوردستان

هەیــە و بەدرێژاییــی مێژوو جێگیـــر بووە و بەڕێوەبەری، ڕێکخستن و وەرگیرانی یاساکانی ئایین لە ئەســتۆی ئەم دامەزراوە دەرەکییەوە بووە. لە سەردەمی پێش دەوڵەت-نەتەوەکان بە هۆی لامەرکەزیبوونی دەسەڵاتی سیاسی، دەســەڵاتی حکوومەتەکان لەسەر کوردستان ســنووردار بووە کە پێوەندی بە سیســتەمی ئیمپراتووری و نەبوونی هاوپێوەندیی ڕاستەوخۆ لەو ســەردەمەدا هەیە. لــە دۆخێکی وەهادا ئەرکی ڕێکخســتن، وەرگیران و بەڕێوەبەری لە کوردســتاندا زیاتر لە ئەستۆی شێخەکان و کەســایەتییە ئایینییەکانی کورد بووە، واتە مۆدێلی یەکەمی دامــەزراوەی خۆجێیی کە ئەگەرچی دامــەزراوەی ئایین دامەزراوەیەکی دەرەکییــە، بەڵام بە هــۆی تێپەڕینی کات، دەبێت بە بەشــێک لە نەریتــی کوردان و بە هزری خۆجێیی جێبەجێ کراوە.

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوەکان کە کوردســتانیان داگیر و پارچەپارچە کردووە، ئەرکی چۆنیەتیی کۆنترۆڵ و ڕاڤەکردنی ئایین لە کوردستان کەوتە ئەستۆی ئەوان. هەرچەند دۆخەکــە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە کوردســتانی گەورە لــە یەک ڕەهەندەوە شــرۆڤە بکەین، بــەڵام مۆدێلــی بەڕێوبــەری و هاوپێوەندیی سازکردنی دامەزراوەی ئایین لە جۆگرافییای کوردستاندا، دەکەوێتە ڕیزی مۆدێلی سێیەم، واتــە دامــەزراوەی دەرەکی کە بــە هزری دەرەکی لە کۆمەڵگای کوردســتاندا جێبەجێ کراوە. پێویســتە ئاماژە بــەوەش بدرێت ئەو کەســانەی ئەم مۆدێلەیان پێشــنیار کردووە، دان بــەوەدا دێنن کە ئــەم تیۆرییە دەتوانێ ببێتە هۆی سادەکردنەوەی بەراوردکارییانە و ئاڵۆزیــی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینــەوەکان وا دەردەخــەن دامەزراوەی خۆجێیــی کە بــە هێزی خۆجێیــی بەڕێوە دەچێت، زیاتر بەردەوام دەبێت و دامەزراوەی دەرەکــی کە بە دەســتی دەرەکی جێبەجێ دەکرێــت، کورتماوەترن. بــە ڕەچاوکردنی ئەم مۆدێلە لەمەڕ ئانالایزکردنی هاوپێوەندیی دامــەزراوەکان و کۆمەڵگــەی کوردســـتان، ڕێخۆشــکەرە بۆ خوێندنەوەی دامەزراوەکانی دیکــەی کوردســتان، بۆ نموونــە دامەزراوە بەرۆژەڤەکانی وەک ژینگەپارێزی، مافی مرۆیی، سەندیکالیستەکان و ...هتد کە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگــەڵ دامــەزراوە کولتووری و ئایینییەکانی کوردســتان هەیــە. لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە گرینگەش بدەم کە ئایین وەک سیســتەمێکی باوەڕمەند بە تەنیا کاریگەری لەســەر کۆمەڵگا نابێ، بەڵکە وەک گشت دامەزراوەکانی دیکە، کاریگەری لەسەر کولتــوور و یاســا نافەرمییەکانی کۆمەڵگەش دەبێت. بە گشتی پێوەندی و کاریگەریی دوو دامەزراوە، دوو لایەنەیــە و تەنیا هێز دیاری دەکات کە کام لایەن کاریگەرییەکەی زۆرتر بێت.

## دامەزراوەکانی بنەماڵە و پەروەردە

هەرچەند لە گشت کۆمەڵگایەکدا بە شێوەی سرووشــتی ئــەم دوو دامەزراوەیــە بــەدی دەکرێن، بەڵام هاوشێوەی دامەزراوەی ئایین، دامــەزراوەی حکوومیــش کاریگەریی زۆری لەســەریان هەیە و هەمیشــە لــە هەوڵدایە بەڵکوو ئــەو دوو دامەزراوەیە لە پاوانی خۆیدا ڕابگرێــت. هۆکارەکەش ئەوەیــە کە ئەم دوو دامەزراوەیــە گرینگترین بنەمان بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی هاوڵاتییان. دامەزراوەی پەروەردە کە ئەرکە ســەرەکییەکەی پەروەردەی هێزی مرۆییــە لە کۆمەڵگەدا، ڕاســتەوخۆ پێوەندی بە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگاشــەوە هەیە. واتە ئاراســتەی ئابووری، ڕوانگــەی کولتووری و جۆری قوتابخانە هزرییەکانی کۆمەڵگە، سەرەتا لــە دامەزراوەی پــەروەردەدا ڕادەهێندرێن و لە نەبوونــی دامەزراوەی پــەروەردەدا، قەت مەجال بــۆ بەرهەمهێنانی نرخ نارەخســێت. کەوایــە یەکێ لــە ئەرکەکانــی دامەزراوەی پەروەردە بەرهەمهێنانی سەرمایەی مرۆییە لە

کۆمەڵگادا، بەڵکوو نرخ بەرهەم بێنن، بەڵام دامەزراوەی پەروەردە لە درێژماوەدا کاریگەری لەسەر دامەزراوەی حکوومیش دەبێت، چونکە دامەزراوەی حکوومی لە ڕێگای دامەزراوەی پەروەردەوە خۆی نوێ دەکاتەوە و لە ڕاستیدا قوتابخانەکان کانگای پەروەردەی کارگێرانی حکوومیشە.

دامەزراوەی بنەماڵە لە زۆر ڕەهەندەوە خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ دامەزراوەی پەروەردە و دامەزراوەی کولتوور، چونکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی هەمان ڕۆڵی هەیە کە دامەزراوەی پەروەردە بۆ دامەزراوەی حکوومی هەیەتی، واتە دامەزراوەی بنەماڵە یەکەم قوتابخانەی ڕاهێنانی کولتوور و نۆرمەکانە. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە فۆرمی بنەماڵە بەپێی قۆناغە مێژوویی‌یەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەم گۆڕانانە لەژێر سڕیمەی بەرهەمهێنان و ڕەوەندی دیالیکتیکی مێژوو جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە پێش گەشەکردنی ئابووریی سەرمایەداری، فۆرمی مەزن-بنەماڵە لەئارادا بووە کە لە چەند جیلی جیاواز پێک هاتووە. لە سەردەمی سەرمایەداریدا بنەماڵەکان سلولی و چکۆلەتر دەبنەوە، واتە لە دایک و باوک و یەک دوو منداڵ پێک هاتوون. وەک دەبینین دامەزراوەی ئابووری ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕانی فۆرمی بنەماڵەدا. هەڵبەت زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لەم گۆڕانکارییەدا خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ئابووریی سیاسییەوە هەیە، گۆڕان لە ڕۆڵ و ئەرکە پیشەیی‌یەکانی ئەندامانی بنەماڵە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگە نەریتییەکان پیاوان کاری دەرەوەی ماڵیان لە ئەستۆ بووە وەک؛ ڕاوکردن و چوونە کاروان، بەڵام کاری نێو ماڵ لە ئەستۆی ژناندا بووە و لە هەمان کاتدا بەشێک بوون لە هێزی کاریی کشتوکاڵیش. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا ئەرک و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و ژنانیش دەبن بە بەشێکی گرینگ لە بازاڕی کار، ئەم گۆڕانکارییە نەدەهاتە دی ئەگەر ئاقاری بەرهەمهێنان و سەرمایە، گۆڕانی بەسەردا نەهاتبا.

بە گشتی دامەزراوەی پەروەردە و بنەماڵە هەروەک هەموو دامەزراوەکانی دیکە لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بە گشتی کار لە یەکتر دەکەن.

## دامەزراوەی ئابووری

سەرەتا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە جیاوازیی نێوان دامەزراوەی ئابووری و هەروەها زانستی ئابووری بکەم. زانستی ئابووری چۆنایەتیی بڕیاردانی بنەماڵە یان تاک لەسەر کەرتە ئابوورییەکان لێک دەداتەوە و، هەروەها لێکۆڵینەوە لەمەڕ مەجالە ئابوورییەکان دەکات، بەڵکوو بگات بە ئەنجامێکی دڵخواز، بەڵام چانگ[۲۴] باوەڕی وایە کە دامەزراوەی ئابووری سیستەمێکی حکوومییە بۆ پشتیوانی و پاراستنی مافی خاوەندارێتیی هاوڵاتییان و بازاڕی سەرمایە (Chang, 2011: 475) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاماژە کورتە، هەوڵ دەدەم شرۆڤەیەک بۆ دامەزراوەی ئابووری لە ڕەهەندە جیهانییەکەیەوە بکەم کە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە یەک لە نمادەکانیەتی و هەڵبەت کانتێکستی کوردستان وەک وڵاتێکی بێدەوڵەت، ئامانجی سەرەکیی ئەم بەشە لە وتارەکە دەبێت.

لەمەڕ ڕەهەندی جیهانیی دامەزراوەی ئابووری، دامەزراوە جیهانییەکانی وەک بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ... هتد، لەنێو دەوڵەت-نەتەوەکاندا لقی تایبەت بەخۆیان هەیە و وێڕای ڕێزگرتن لە سەروەریی سیاسیی یەکتر کاریگەرییان لەسەر دامەزراوەی ئابووریی ئەو وڵاتانە هەیە، بەڵکوو ڕێگا بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و خزمەتگوزاری و گەشەی ئابووری خۆش بکات. دامەزراوەی

ئابووری هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی دامــەزراوەی حکوومییــە و، سیاســەت و ئایدیۆلۆژیی حکوومەتەکان نابن بە بەربەست لەمەڕ ئەرکی دەســەڵات بۆ پاراســتنی مافی خاوەندارێتی، بازاڕی سەرمایە و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەیان.

لــە بابــەت کارتێکــەری و ئاکامەکانی دامەزراوەی ئابووریی ئێران لەسەر دۆخی کار و بازاڕی ســەرمایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی زۆر کراوە، بەڵام ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیۆریی کۆمەڵگای کرێخواز بە بنەما بگرێت، بەڵکوو لە ڕەهەندێکی دیکەوە ئاوڕ لــەو کێشــانە بداتەوە کە بــەرەورووی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بوونەتــەوە. لە زمانی فارسیدا کۆمەڵگای کرێخواز[٢٥] کە چەمکێکی ئابووری-سیاســییە، بە ڕانت وەرگێردراوەتەوە و ئاماژە بــە گەندەڵیی ئابووری دەکات، بەڵام ئەم چەمکە پێوەندیــی بە گەندەڵییەوە نییە، بەڵکــە ئاماژە بــە هاوپەیوەندیی نێوان کەرتە ئابوورییە تایبەتەکان و دەســەڵاتی سیاســی دەکات. لەمــەڕ تیۆریی کەرتــە ئابوورییەکان کە پێشــتر لە لایەن گۆردن توولۆک[٢٦] وەک تیۆریی هەڵبژاردنی کۆلێکتیڤ پێناسە کرابوو، دواتر ئانا کروگــر[٢٧] (Krueger, 1974) یەک لە ئابووریناســەکانی ئەمریکا، لە حەفتاکانی زایینی و لــە وتارێکدا ئامــاژەی بە چەمکی کۆمەڵــگای کرێخواز کــردووە. دواتر توولۆک و هاوکارەکانی تیۆریــی کۆمەڵگای کرێخواز و تیۆریــی هەڵبژاردنــی گشــتی دەکەن بە بنەمــا بەڵکوو شــرۆڤەیەکی گونجــاو بۆ ئەم پرســیارە ببیننەوە کە بڕیارە سیاسییەکان چ پێوەندییەکیــان بە گەشەســەندوویی کەرتە تایبەت و گشــتییەکانەوە هەیە. مەبەست لە کاری کۆلێکتیڤ (کاری هەرەوەز) ســازدانی بەســتێنێکی مامەڵەگەرایانەیە بەڵکوو کەرتە تایبەتــەکان و دامــەزراوەی حکوومی بگەن بــە بڕیارێکی هاوبــەش لەمــەڕ وەدیهێنانی ئامانجێکی ئابووری-سیاســی کــە خێری بۆ هــەردوو لا هەبێ و هــاوکات بەرژەوەندی و گەشەســەندوویی کۆمەڵگاش مسۆگەر بکات. ڕۆڵــی حکوومــەت وەک جێبەجێــکار لەم پێوەندییەدا دیارە، چونکە ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتــی لــە ئەســتۆیە و لەهەمــان کاتــدا پاراســتنی بەرژەوەندیی کەرتە تایبەتەکانیش مەشــروعییەت بە دەســەڵاتی سیاســیش دەدات. بــۆ نموونە لە وڵاتانــی دێمۆکراتیکدا گشــت یاســا و بڕیارنامەکانــی حکوومەت لەمــەڕ سیاســەتی ئابــووری وەهــا تەکووز دەکرێــن کە خێری بــۆ کۆمەڵگە و هەروەها کەرتە ئابوورییــە تایبەتمەندەکانیش هەبێت کە ســەرچاوەی داهاتی وڵاتن. هەڵبەت ئەم هاوپێوەندی سازکردنەش لە ڕێگای لابیکردن و هەروەها بە لۆژیکــی هاوڵاتیبوون دەڕواتە پێش، بەڵکوو حکوومەت ڕازی بکەن کە پڕۆژە ئابوورییەکانیان چەندە خێری بۆ گشت لایەک دەبێت (Tollock, 1980: 1304).

چۆن ئانالایزکردنی پڕۆژەی ئابووریی کەرتە تایبەتــەکان و هەروەها ڕوانگەی دەســەڵاتی سیاســی لەمەڕ بەرژەوەندییە گشــتییەکان، لە ڕاســتیدا پێوەندی بە مۆدێلی سەروەریی سیاســییەوە هەیــە. بۆ نموونە سیســتەمی دێمۆکراتیــک لــە وڵاتانــی ڕۆژئاوا تێبینی و لێکدانەوەکانیان لەسەر بنەمای سوود و زیانی کەرتــە جیاوازەکانە، واتــە هەماهەنگییەک هەیە لەنێوان حکوومــەت وەک جێبەجێکار، کۆمەڵگە وەک دەنگدەر و کەرتە ئابوورییەکان کــە کار و ســەرمایەی وڵات دەخەنە گەڕ و ماڵیاتــی حکوومەت دابین دەکــەن. کەوایە ڕانتی حکوومی دەتوانێ بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت، ئەو کەرت و پڕۆژانەی کە لە ڕێگای ڕانتی حکوومەتییەوە هەوڵ بۆ سوود دەدەن، دەتوانــن ببن بە پاڵنەر بۆ گەشەســەندوویی کۆمەڵگا و لە ئەنجامدا گشــت لایەک خێری لــێ دەبینن. ئەم پڕۆســەیە وەک ڕانتی باش دێتــە ئەژمار، چونکــە هۆکارێکە بۆ دیاردەی «پوختەیی ئەرێنی».[٢٨] بــۆ نموونە کۆمەڵەی

دەروونناسانی کەنەدا لە ساڵی ۲۰۲۳ داوای لە حکوومەت کرد ماڵیات نەچێتە سەر نرخی ڤیزیتی ئەو کەسانەی بۆ پشکنینی دەروونی سەردانی دوکتورەکانی بەشی دەروونناسی دەکەن، چونکە لەبەر گرانبوونی ڤیزیت خەڵک کەمتر سەردانی دەروونناسان دەکەن. کەوایە پێوەندییەکی کاوزاڵێتی لەنێوان سلامەتیی دەروونیی هاوڵاتییان و هەرزانکردنی پارەی ڤیزیت هاتە ئاراوە و حکوومەتی بە قەناعەت گەیاند کە لە پێناو تەندروستیی هاوڵاتییان، ماڵیات نەخاتە لەسەر پارەی ڤیزیت.

کۆمەڵگەی کرێخواز چۆن دەبێت بە هۆکار بۆ گەندەڵی و تێکچوونی سیستەمی ئابووری؟ وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بو هاوپێوەندیی نێوان کەرتە سوودخوازەکان و حکوومەت و هەروەها چۆنیەتیی دابەشکردنی سەرچاوەکانی داهات. کاتێک حکوومەت ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی نەکات و سەرچاوەکانی داهات بە جۆرێک ڕێک بخات کە تەنیا ئەو کەرت و گرووپانە سوودی لێ ببینین کە لە خزمەت مانەوەی دەسەڵاتی سیاسین (بۆ نموونە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی) ئەوا گەندەڵیی ئابووری سەرهەڵدەدات. لە دۆخێکی وەهادا سەرمایەی گشتیی کۆمەڵگە ڕوو لە کەمبوون دەکات و بەشێک لە بژاردە و کەرتە تایبەتەکان لەمەڕ قەرەبووکردنەوەی کەسادبوونی بازاڕی سەرمایە، هەوڵ دەدەن خۆیان لە ناوەندی بڕیاردانی حکوومەت نزیک بکەنەوە، بەڵکوو دەستیان بەو ڕانتە حکوومییانە ڕابگات. لە دۆخێکی وەهادا لەنێوان حکوومەت و کەرتە کرێخوازەکاندا مامەڵە لەسەر خوانی سەرمایە و ئابووریی گشتیی وڵات دەکرێت و خێرەکەی دەچێتە گیرفانی حکوومەت و ئەو کەرتە کرێخوازانە. دەرکەوتەی گەندەڵییەکی وەها نایەکسانی، گرانی، هەڵاوسانی ئابووری و هەژارییە و لە باری کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵێک کێشەی چاوەڕواننەکراوی لێ دەکەوێتەوە.

## دامەزراوەی ئابووری و کوردستان

یەک لە گرفتەکانی شرۆڤەی دامەزراوەی ئابووری لە کوردستان، ئەوەی ڕاستی بێ، پێوەندی بە نەبوونی سەروەریی سیاسیی کوردەوە هەیە. کاتێ سەروەریی سیاسی لەئارادا نەبێت، بەدڵنیایی‌یەوە دامەزراوەی بەڕێوەبەریش لەئارادا نابێت کە کار بۆ هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندیی گشتی، سەرمایە و هەروەها مەشرووعییەتی دەسەڵاتی سیاسی بکات. واتە زەروورەتی کەرت و گرووپە تایبەتەکان لەئارادا نابێت، بەڵکوو لە ڕێگای ڕانتی پۆزیتیڤەوە یارمەتیی گەشەسەندوویی کوردستان بکات. هەڵبەت هێندێک کەرتی تایبەت و بەشێک لە سەرمایەدارەکانی کورد و هەروەها کەسانی کرێخواز لە کوردستان هەن کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و هەروەها دابینکردنی تمووعی کەسییەوە هەوڵ بۆ وەرگرتنی ڕانتی حکوومەت دەدەن، بەڵام بە هۆی دۆخی جوگرافی-سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت ناتوانن ببن بە بەشێک لە کۆمەڵگای کرێخواز و لە ئەنجامدا کاریگەرییان لەسەر مەشرووعییەتی دامەزراوەی حکوومی هەبێت. ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە ڕێگای ڕانت و تمووعی ئابوورییەوە ئەم کەرت و گرووپانە وەک پڕۆژەیەک بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوتی بزاڤە نەتەوەیی‌یەکانی کورد و هەروەها نامۆکردنی دێمۆگرافیای کوردستان بە پڕۆژە خۆبژێوییەکانیان و لە ئەنجامدا لاوازکردنی سۆلیدارێتیی نەتەوەیی لەبەرچاو دەگرێت. یەک لە نموونەکانی ئەم پڕۆژانە سیاسەتی بەنداو سازکردن بوو لە کوردستان، بەتایبەت بەنداوەکانی ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ماوەی چوار ساڵاندا ئاوی سیروانیان لە ڕێگای تۆنێلەوە ڕەوانەی ناوەندی ئێران کرد بە مەبەستی بووژاندنەوەی پڕۆژە ئابوورییەکانی ئەو ناوچانە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاوی سیروان سەدان

ساڵە سەرچاوەی ئاوەدانی و بژێو و سەرمایەی شـــار و گوندەکانی دوو سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بووە. کارایی نێگەتیڤی پرۆژەیەکی وەها لەسەر حەشیمەتی ناوچەی هەورامـــان بە ڕوونی دیارە کە بە هۆی گوندە ئاوەدانەکانییەوە ناوچەیەکی پڕ حەشـــیمەت بـــوو و هەنووکە ڕووی لـــە کەمی کردووە. بۆ نموونە گوندی داریان ٧ هەزار کەس و گوندی هەجیج ۴ هەزار کەس دانیشتووی هەبوو کە بـــە بەرەکەتی ناوچە شـــاخاوییەکان و ئاوی ســـیروان، بە هۆی ئاژەڵداری و باخەوانییەوە هەمیشە ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبوو و بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە ڕێگای هەناردەکردنی بەرهەمەکانـــی خۆیـــان و هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی کە بـــە هۆی ژینگەی هەورامان بەرهەم نەدەهاتـــن، بە سەربەســـتی ژیاون. بە واتایەکی دیکـــە، هەماهەنگییەک لەنێوان ژیانـــە کولتـــووری و دامـــەزراوە ئابووریيـــە نەریتییەکەیاندا هەبوو. وەک پێشتر ئاماژەمان پـــێ دا، نامۆ نەبـــوون و تەباییـــی دامەزراوە کولتووری و ئابوورییەکان هۆکارێکی سەرەکی بـــوون بـــۆ کۆمەڵگایەکی زینـــدوو و دوور لە هەرچەشنە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی.

بە دوای دروســـتکردنی ئـــەو بەنداوانە و چەسپاندنی سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێژیم، هەرچەند بۆ ماوەی ســـێ چوار ساڵ خەڵکی ئـــەو دەڤەرە بە هۆی بەنداوســـازییەوە کاری کرێکارییان دەســـت دەکـــەوت و قەرەبووی زەرەری ئاژەڵداری و باخەوانی بۆ دەکردنەوە، بـــەڵام دوای ئەوەی پرۆژەی بەنداوەکە دوایی هـــات، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو دەڤەرە بێـــکار بوون و نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ژیانی بەرهەمهێنەرانە و بوون بە ســـەرمایەی مرۆیی لە خزمەت پـــرۆژەی بازاڕی ڕەش بۆ قاچـــاخ کردنی کاڵا دەرەکییەکان. پیشـــەی کۆڵبەری کە کێشەگەلی کۆمەڵایەتیی زۆری لـــێ کەوتووەتەوە و زیانەکەی بۆ ئابووریی ئەو دەڤەرە زۆرتر لـــە قازانجەکانییەتی، یەک لە بەرهەمەکانی پـــرۆژەی کەرتە کرێخوازەکانی کوردســـتان بوو کە مەجالی بە بازاڕی ڕەش دەدا و تەنانەت بووتـــەوە هۆی بەرزبوونەوەی ئاماری کوژراو و نوقووســـتانەکانی کوردستان، هەروەهـــا دێفۆرمە کردنـــی کولتووری کورد. ئەو نموونانەی باس کران ئاماژە بە سیاسەتی حکوومەتـــی ناوەنـــدی دەکـــەن، بەڵکـــوو کوردستان بەرەو کۆمەڵگایەکی کرێخواز هان بـــدات و ئەنجامەکەی تێداچوونی ســـەرچاوە زەوینی و مرۆڤییەکانی کوردســـتانە و لەوەش داراماتیکتر؛ هێـــزی کار و بەرهەمهێنانی ئەو دەڤەرەی کـــرد بە دەستفرۆشـــی بەرهەمی کارخانـــە و کەرتـــە بەرهەمهێنەرەکانـــی هەمـــەدان، تاران، ئیســـفەهان و ... هتد. بەم چەشـــنە سیاســـەتەکانی حکوومەتـــی ئێران لە ماوەی ســـەت ســـاڵی ڕابـــردوودا، وێڕای بۆچوونەکەی د.کەماڵ ســـوڵێمانی[۲۹] لەمەڕ چەمکـــی دژە_گەشـــە[۳۰] (Soleimani, 2020)، پەلکێـــش کردنی کوردســـتان بەرەو کۆمەڵگایەکی کرێخواز بـــووە کە لە ئەگەری ســـەرکەوتنی شۆڕشـــی ڕزگاریخوازانـــەی کوردســـتاندا نەتوانـــێ لەبـــاری ئابوورییەوە کۆمەڵگەیەکـــی گەشەســـەندوو بێت، چونکە کولتووری کرێخـــوازی هۆکارێکـــی گرینگە بۆ ئیفلیج کردنی دامەزراوە ســـەرەکییەکانی کوردستان و هەروەها سازبوونی تەعامولێکی مێرکەندالیستییانە.

مەبەست لە مێرکەندالیزم[۳۱] شێوازێک لە مامەڵەی ئابوورییە لەنێوان دوو لایەن یان دوو وڵاتی ســـەربەخۆ بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییـــەکان. لەم پێوەندییەدا، لایەنێـــک گشـــت ســـەرچاوە زەمینـــی و ســـەرەکییەکان بە کەرتە بەرهەمهێنەرەکان دەفرۆشـــێت، بەبێ ئەوەی نرخـــی پێوە زیاد بکات. لەبەرانبـــەردا، لایەنی بەرهەمێنەر هەر ئەو ســـەرچاوانە دەکات بـــە کاڵا و لە هەمان کاتـــدا نرخێکی زیاتری دەخاتە ســـەر و پێی دەفرۆشـــێتەوە. ئـــەم پێناســـەیە دەتوانێـــت

دۆخی ئابووریــی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و ئێران باشــتر ڕوون بکاتەوە کە سەرچاوەکانی وەک ئــاو، کانزا، کشــتوکاڵ و هێزی کار بە ناوەنــد دەفرۆشــێت، ناوەندیش لــە ڕێگای کەرتەکانــی بەرهەمهێنانەوە دەیکات بە کاڵا و بە کوردستانی دەفرۆشــێتەوە وماڵیاتێکی لەســەر بار دەکات. بۆ هەموومــان ڕوونە کە بەشــێکی زۆری بودجەی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانــی هەر وڵاتێک بــە باج و ماڵیات دابین دەکرێــت، کەوایە دەســترەنجی کار، ئاو، کانزا و بەرهەمی کشــتوکاڵی کوردستان ســەرچاوەیەکی گرینگیــن بــۆ دابینکردنی بودجەی حکوومەتی ناوەندی. لەم مامەڵەیەدا ڕۆژهەڵاتی کوردســتان هیچ نرخێک بەرهەم ناهێنێتم لە حاڵێکدا ئێرانییەکان نرخ بەرهەم دەهێننەوە و پەرە بە ئابووریی ناوەند دەدەن. کەوایــە کۆمەڵــگای کرێخــواز، ڕۆژهەڵاتی کوردســتان تا ئاســتی کرێچی دادەبەزێنێت و ڕەوەندی بەســتراوەبوونی کوردســتان بە ناوەنــدی دەســەڵاتەوە بەهێزتر دەکات و؛ لە ئەنجامــدا بەرژەوەندیــی کۆمەڵگە دەبێت بە فیدای ســوودی تاکەکەســی (واتە بژاردە و کەرتە ڕانت-خوازەکان).

## دامەزراوەی حکوومەت[٣٢]

هەرچەند دامەزراوەی حکوومەت پێوەندی بە بەڕێوەبردنی وڵاتانەوە هەیە، بەڵام پێویســت دەکات شــرۆڤەیەک بۆ دوو چەمکی ئایدیای دامەزراوە[٣٣] و ســاختاری دامەزراوە بکەین، بەڵکــوو پێوەندیی ســاختاری دامــەزراوە بە ئایدیای دامەزراوەوە ڕوون ببێتەوە. ســەرەتا باشترە دەوڵەت[٣٤] لە ڕوانگەی تۆماس هابز و لە کتێبی لیڤیاتاندا[٣٥] کە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهایــە لەبەرچاو بگریــن (Hobbes, 1669) و هەروەها بۆچوونی ڕۆســۆ (Russo, 1755) لەمەڕ گرێبەســتی کۆمەڵایەتــی[٣٦] بە بنەما بگرین و وەک چۆن ئیبراهیمی[٣٧] (Ibrahimi, 2020:4) ئاماژەی پێ داوە، دەوڵەت:

**١** خاوەنی دەسەڵاتی گشتییە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیاریکراودا.
**٢** خەڵکــی نێو ئەو ســنوورە ســەرچاوەی مەشرووعییەتی دەوڵەتن.
**٣** دەوڵەت دەبێ پێداویســتی و خۆشبژێویی خەڵک دابین بکات.

بۆ پێناسە کردنی ئایدا بۆچوونی گۆڵدستین و کیوهەیــن[٣٨] بە بنەما دەگــرم: «... ئایدا لە بنەڕەتدا کۆمەڵێ بڕوای باون کە گۆڕانیان بە سەردا دێت و وەک کانتراکسێکی مێژوویی لە لایەن ئەجێنت و ئەکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دادەهێندرێــت» (Goldstein& Keohane, 1993: 185). هەروەهــا ســەبارەت بە ڕەفتار و سیاســەتیش کامپبێل دەڵــێ: «نابێ ئایدیا وەک ملکەچــی و شــوێنکەوتوویی لەبەرچاو بگرین، بەڵکە ڕۆڵێکی ڕاســتەوخۆی هەیە لە ڕەفتار و بڕیارە سیاسییەکانمان» (Campbell, 2004,3). کەوایــە ئایدیا ئاراســتەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات و لە نەبوونی ئایدیایەکــی تایبەتدا مــرۆڤ و کۆمەڵگە لە باری ڕەفتارییەوە تووشــی ئاڵۆزی دەبن. ئەم وتارە باوەڕی وایە کــە دامەزراندنی دەوڵەت لە ئێرانیش وەک وڵاتانــی دیکە ئایدیایەکی لەپشت بووە و ئایدیایەکی وەها لە گشت قۆناغە مێژوویی‌یەکانی ئێراندا ڕەنگــی داوەتەوە. بۆ نموونە ستێفانی کرۆنین[٣٩] ئاماژە بە بۆچوونی «ڕوودی مەتی» دەکات ســەبارەت بە مێژووی بیست ساڵەی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت-نەتــەوەی ئێرانی: «ســێ ڕەهەندی ئایدیالۆژیک، ڕەزاخانی هان دا بەڵکوو دەوڵەت-نەتەوەی لەسەر بنیات بنێت: مۆدێرنیزاسیۆن، ناوەندگەرایی و ناسیۆنالیزم» (Cronin, 2003: 9). ناوەندگەرایی واتــە دیاریکردنی ناوەندی بڕیار و بۆ ناســیۆنالیزمیش مۆدێلی ســەدەی نۆزدەهەمی بە بنەما گرت، واتە «کاتێ گەشەی پیشەســازی دەســت پێ دەکات و بۆ ئەوەی دەوڵەت-نەتەوەکان نەبنە هۆی کەمکردنەوەی خێرایــی گەشەســەندوویی، بیریــان لــە

یەکدەست کردنی شوناس، زمان و کولتوور کردەوە، بەڵکوو یەک نەتەوە دابمەزرێنن بۆ ئەوەی لە پێناو یەک ئامانج خەبات بکەن[٤٠]»(Gellner, 1998: 377) پرۆژەی تاک زمانی، تاک کولتووری، مێژووسازی، فەرمیکردنی یەک ئایین و جوگرافیا داگیرکارییەکەی ڕەزاخانیش لە خزمەتی پرۆژەیەکی وەهادا بوو، واتە دەوڵەتەکان لە ئێراندا سیاسەت بە پێی ئایدیای ئێرانییەت بکەن و دەرکەوتەی خەباتێکی وەها سڕینەوەی جیاوازییەکان و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت. ئەم پرۆژەیە بە دوای نەمانی ڕەزاخان و بە ئێستاشەوە بەردەوامە و دەتوانین بڵێین نەوە لە دوای نەوەی ئەتنیکی فارس بەم ئایدیایە ڕاهاتووە و بۆ وەدیهێنانی ئایدیایەکی وەها خەبات دەکات. بۆ نموونە چەپ لە ئێران، نەتەوەپەرەستە ئێرانییەکان، نەتەوەیی مەزەبییەکان، لیبەراڵ و کۆماریخوازەکان و تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بە ئایدیایەکی وەها ڕاهاتوون و کاری بۆ دەکەن. هەڵبەت لە بابەت پرسی کوردەوە هیچ کام لەم دامەزراوە حیزبی و سیاسییانە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و تەنیا لە ڕیتۆریکدا جیاوازییان پێکەوە هەیە.

## دامەزراوەی بەڕێوەبەری (Administration)

دامەزراوەی بەڕێوەبەری دامەزاوەیەکی کاتییە کە لەگەڵ گۆڕانی دەوڵەتەکاندا ئاڵوگۆڕیان تێدا دەکرێت و ئەرکەکەی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کاروباری بێرۆکراسیی وڵاتە. ئامانجی سەرەکیی دامەزراوەیەکی وەها، سەرپەرەشتیکردنی دامەزراوەکانی دیکەیە لە چوارچێوەی سنوورەکانی یاسای بنچینەییی وڵاتدا، بۆ نموونە چاوەدێری و سەرپەرەشتیکردنی دامەزراوەی ئایین، ئابووری، پەروەردە و .. هتد. دامەزراوەی بەڕێوەبەری لە دوو ئاستدا کار دەکات: یەکەم ئاست، پێوەندیی بە ئایدیاوە هەیە کە زۆرتر مێتافیزیکییە و ئاستی دووهەم، دیاردە مادی و عەینییەکانن. واتە ڕۆڵی دامەزراوەیەکی دایک دەگێڕێت بۆ گشت دامەزراوەکانی دیکە.

## کۆبەند و دەرئەنجام

لەم وتارەدا کارکردی دامەزراوە لە کۆمەڵگەشی کرایەوە و ڕۆڵی چالاکیی کۆلێکتیڤ بە هەند گیرا. لە درێژەی بابەتەکەدا هەوڵ درا تیشک بخرێتە سەر هاوپێوەندیی دامەزراوەکان و کاریگەریی ئایدیا وەک چەسپێکی کۆمەڵایەتی لە پێناو لکاندن و هەماهەنگکردنی دامەزراوەکان. ئامانجی سەرەکیی وتارەکەش ئەوە بوو کە تاک لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت ببێت بە ئەجێنت، ئەگەر لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا چالاک نەبێت. لە ڕەهەندی کۆلێکتیڤیشەوە ئاماژە بەو ڕاستییە درا کە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ، ئازاد و چالاک نایەتە دی ئەگەر ئامانج و ئایدیا و دامەزراوەی کارای نەبێت. کوردستان بەدرێژاییی مێژوو، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگەوە تا ئەمرۆش، بە هێندێ جیاوازییەوە، وەک کۆمەڵگەکانی دیکە دامەزراوەی هەبووە. بەڵام ئەو شتەی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، نەبوونی دامەزراوەی حکوومییە، بەڵکوو گشت جومگەکانی کۆمەڵگای کوردی بەیەکەوە بلکێنێت و هەماهەنگیان بکات. یەک لەو ئەلێمانانەی کە کوردستانی لە دۆخێکی وەهادا هێشتووەتەوە، نەبوونی ئایدیایەکە بۆ وێناکردنی کوردستانێکی یەکپارچە، بەڵکوو گشت لایەنەکان بیسەلمێنن و لە ئەنجامدا تێکڕا بیکەن بە ئەجندای کاری هاوبەش. یەک لە زەروورەتە هەنووکەیی‌یەکانی کورد دامەزراوەیەکی سەرانسەرییە کە پشت بە ئایدیایەکی ڕوون و دیاریکراو دەبەستێ بۆ سازدانی کۆدەنگییەک، بەڵکوو خەبات بۆ چارەسەریی کێشەکانی کورد بکات، دواتر سیاسەتێکی ڕەفتاری دیاری بکات

بــۆ کۆمەڵگەی کــوردی و دواجار وێنەیەکی واقعیش لە کورد ســاز بکات ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. هەڵبەت لەم وتارەدا نکۆڵی لە ڕۆڵــی دیــاردەی دەوڵەت-نەتەوە لە گەمەی سیاســەتی جیهانیــدا نەکراوە و پڕ ئاشــکرایە کە سیاسەتێکی ســەلمێندراو و داننــان بە نەتــەوەکان بەبــێ دامەزرادنی دەوڵەت-نەتــەوە دوور لــە چاوەڕوانییە. هەر ئەم پرســە گرینگە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ چاوپۆشــیکردن لە کورد وەک نەتەوەیەک و جۆگرافیایەکی نەتەوەیی و، لە ئەنجامدا کورد وەک نەتەوە بووە بە سووژەی سیاسەتی چوار وڵاتــی داگیرکەر کە خاوەنی ئایدیای خۆیانن و سرووشــتییە ئایدیاکانیان دژی سەلماندنی کورد وەک نەتەوەن.

پێویســت بــوو گشــت دامەزراوەکانــی کوردســتان شــی بکرێنەوە و لێک بدرێنەوە کە بەدوای دامەزراندنی دەوڵەت_نەتەوەکان سەریان هەڵداوە، بەڵام بە هۆی سنوورداربوونی وتارەکــە ئەو دەرفەتە نەڕەخســا. کە باس لە دامەزراوەی کوردســتانی دەکەیــن، ئەوەی ڕاستی بێ، دەبێ ئاماژە بە دەیان حیزبی سیاسی بکەیــن کە لە بواری سیاســی، کۆمەڵایەتی، ئایینــی و... هــەر کامەیان ژێردامــەزراوەی خۆیان هەیە. ســەرەڕای حیزبــەکان، دەیان دامەزراوەی مەدەنی وەک دامەزراوە ئەدەبی، زمانناســی، فێرکاری، مێژوویی، ئاکادێمیک، ژینگەپارێــزی، مافی مرۆڤ، مافی ژنان و... لە کوردســتان چالاکن کە چاوپۆشی لە هەوڵ و خزمەتگوزارییەکانیــان ناکرێت، بەڵام یەک لە گرفتەکان بۆ دامەزراوەگەلی وەها، تەنانەت بە حیزبەکانیشەوە ئەوەیە کە چالاکییەکانیان کورتخایەنن و بە هۆی کەمبوونی ســەرچاوە هــزری و مــاددی، بــە هــۆی کاریگەریی دامەزراوەکانــی داگیرکــەر و هەروەهــا بە هــۆی ناتەبایی و لێکدابڕانــی دامەزراوەکانی کــوردەوە، زۆرجــار چالاکییەکانیــان ســڕ دەبێت و سرووشــتییە لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە وەدوا بکــەون. تەنانەت چالاکترین و کاریگەرترین دامەزراوەکانی کوردســتان لە بری ئەوەی هۆکاری داگیرکاری لە کوردستان نەهێڵــن، کارکردەکەیــان تەنیــا ئەوەیە کە خێرایی ئاسیمیلەکردنی کورد کەم بکەنەوە.

لەم وتارەدا ئاماژە بە سێ خاڵی جوهەری بۆ دامەزراوەی حکوومەتی کرا:

١ دەستراگەیشتن بەسەر گشت سەرچاوەکان و ئەرکی دابەشکردنیان، وێڕای ڕەچاو کردنی سنوورداربوونی سەرچاوە.

٢ دارشــتنی ئایدیایەکی گشــتی کە گشت دامەزراوەکانــی وڵات بخاتــە ژێــر چەتری خۆیەوە.

٣ داهێنانــی مکانیزمێــک بــۆ کارکردنــی دامەزراوەکان و چارەســەرکردنی بەرکەوتن و کێشەی نێوان دامەزراوەکان.

هەڵبــەت دەبــێ لــە دوو ڕەهەنــدی سەرەکییەوە ســەیری بنیاتنانی دامەزراوەی حکوومەتی بکەین: یەکــەم؛ ئەو دامەزراوەیە دەبێ بە ویســت و ئیــرادەی نێوخۆییەوە دامەزرا بێت و دووهەم؛ ئەو دامەزراوەیە دەبێ لە دەرەوەی وڵاتیش بســەلمێندرێت و دانی پێــدا بنرێت. ئەرکی ڕەنگدانەوەی خواســتی ناوخۆیی دەکەوێتە ئەســتۆی دامەزراوەکانی کوردســتان، بەڵکــوو ببێت بە خواســتێکی نەتەوەیی و ڕێککەوتن لەســەر ئایدیاییەکی گشــتکیریش بۆ دامەزراوەیەکی وەها، دیسان لــە ئەســتۆی دامەزراوەکانی کوردســتانە و هەر ئــەوان دەتوانن ببن بــە میدیۆمێک بۆ گشــتگیرکردنی ســیمبول، خوێندنــەوەی مێژوویی و دیسکۆرس(وێژمان)ی نەتەوەیی.

لــەم وتارەدا ئاماژە بە چێبوونی پێوەندیی دوولایەنە کرا کە لە ڕێگای هەستی نەتەوەیی یان هێــزەوە دێتە دی. دیارە لــە وتارەکەدا پێشــفەرز یــان پێشــنیارێک بۆ ســازدانی پێوەندییەکــی وەهــا دیاری نەکــراوە، بەڵام دەتوانین بیر لە تیۆریی گەمە بکەینەوە، واتە بەرژەوەندیی لایەنێک بە مانای بەرژەوەندیی

گشتی نییە و پێویستیمان بە پێوەندییەکی ئۆرگانیک هەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە یاریزانەکان سنووردار دەکات، بەڵام بەرژەوەندیی هەموان باشتر دەپارێزێت.
لە کوردستاندا حیزبی سیاسیی زۆرمان هەیە، بەشێکیان لە باری جەماوەرییەوە نفووزیان هەیە و بەشێکیش کەمتر، لە ڕووی دامەزراوەیی‌یەوە بەشێکیان کاریگەرتر و بەشێکیان کەمتر، بەڵام بە هۆی جیاوازی لە ئایدیادا و لە ئەنجامدا ڕەفیاری سیاسیی جیاواز، زۆر جار ڕەخنەیان لێ گیراوە و هێندێ جاریش بەوە تاوانبار کراون کە بەرژەوەندیی حیزبیی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌یەوە. لەوانەیە ئەم ڕەخنە و ئیدعایانە هەڵە بن، ئەگەر پێناسەیەکی ڕوونمان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەبێت، سەرەتا ئێمە دەبێ پرسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێناسە بکەین و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیمان بە وێژمانێکی گشتی هەیە کە پشت بە ئایدیایەکی ڕوون ببەستێت.
نەبوونی ئایدیایەکی گشتگیر لەمەڕ دامەزراوە، بووەتە هۆی ئەوە کە لە چەند ڕەهەندەوە بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێناسە بکەین. کۆتا پرسیاری ئەم وتارە ئەوەیە کە «ئەم وێژمانە یان ئایدیایە دەبێ چۆن و چی بێت، و چ لایەنێک دەتوانێت پێشنیاری بکات؟».

## پەراوێزەکان

1. Public Choice Theory
2. Social Institution
3. Society
4. Characterization
5. William Ricker
6. Value
7. Resources Scarcity
8. Charles Pollat
9. Public Choice
10. Preference
11. Rational
12. Specialization
13. Opportunity Cost
14. Schotter
15. Don Lavoie
16. Rule
17. Property Right
18. Entrpreneurship
19. Abu Hanifah Ayob
20. Petter J Boettke, Cheistopher J. Coyne and Peter T. Leeson
21. indigenously introduced endogenous (IEN) institutions.
22. indigenously introduced exogenous (IEX) institutions,
23. foreign-introduced exogenous (FEX) institutions
24. Ha- Joon Chang
25. Rent-Seeking Society
26. Gordon Tullock, Robert D. Tollison and James M. Buchanan
27. Anna O. Krueger
28. Positive Sum Up
29. Kamal Soleimani in the "Life and labor on the internal colonial edge"
30. D-Development
31. Merchandalism
32. Government Institution
33. Idea
34. State
35. Levaiatan
36. Social Contract
37. Said Yaqub Ibrahimi
38. Judith Goldstein; Robert Keohane
39. Stephanie Cronin
40. Ernest Gellner

## سەرچاوەکان

1. Becker, G. S. (1965). A theory of the allocation of time. the Economic Journal/Economic Journal, 75(299), 493. https://doi.org/10.2307/2228949
2. De Jong, E. (2011). Culture, institutions and economic growth. Journal of Institutional Economics, 7(4), 523–527. https://doi.org/10.1017/s1744137411000117
3. Dressay, A. L., Lavallee, N., & Reeves, J. (2010). First Nations Trade, Specialization, and Market Institutions: A Historical Survey of First Nation Market Culture. 3- First Nations Trade, Specialization, and Market Institutions: A Historical Survey of First Nation Market Culture, 7, 109. http://ir.lib.uwo.ca/cgi/viewcontent.

Muslim populations across nations. International Journal of Islamic and Middle Eastern Finance and Management, 13(4), 635–653. https://doi.org/10.1108/imefm-11-2019-0472
17. Sutter, D. (1999). Politicians' motives in the rent seeking society. Managerial Finance, 25(3/4), 38–52. https://doi.org/10.1108/03074359910766424
18. Poggi, G. (1971). The place of religion in Durkheim's theory of institutions. Archives EuropéEnnes De Sociologie/Archives Européennes De Sociologie, 12(2), 229–260. https://doi.org/10.1017/s0003975600002319
19. Šmihula, D. (2009). Definition of national minorities in international law. Journal of US-China Public Administration/Mei Zhong Gong Gong Guan Li, 6(5), 45–51. https://www.airitilibrary.com /Publication/alDetailedMesh?docid=1548659 1-200910-6-5-45-51-a
20. Johnsen, D. B. (1986). The Formation and Protection of Property Rights among the Southern Kwakiutl Indians. the Journal of Legal Studies/the Journal of Legal Studies, 15(1), 41–67. https://doi.org /10.1086/467803
21. IPPG Briefing Paper No. Three July 2006 by Steve Wiggins & Junior Davis
22. Lofthouse, J. K. (2019). Culture and Native American economic development. Journal of Entrepreneurship and Public Policy, 9(1), 21–39. https://doi.org/10.1108/je pp-06-2019-0050
23. Ansari, A. M. (2005). Review: The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah, 1921-1941. Journal of Islamic Studies, 16(1), 91–93. https://doi.org/10.1093/jis/16.1.91
24. Ibrahimi, S. Y. (2018). Violence-producing dynamics of Fragile States: How state fragility in Iraq contributed to the emergence of Islamic State. Terrorism and Political Violence, 32(6), 1245–1267. https://doi.org/10.1080/0954 6553.2018.1463914
25. Lavoie, D., & Chamlee-Wright, E. (2002). Culture and Enterprise: the development, representation and morality of business. http://ci.nii.ac.jp/ncid/BA51127534
26. Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2020). Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat. British Journal of Sociology, 71(4), 741–760. https://doi.org/10.1111/146 8-4446.12745
27. No. 973. Geneva Convention relative to the Protection of Civilian Persons in Time of War. Signed at Geneva on 12 August 1949. (2000). In Treaty series/Treaty series - United Nations (p. 379). https://doi.org/10.18356 /e4dda425-en-fr
cgi?article=1372&context=aprci
4. Ostrom, E. (1986). An agenda for the study of institutions. Public Choice, 48(1). https://doi.org/10.1007/bf00239556
5. Boettke, P. J., Coyne, C. J., & Leeson, P. T. (2008). Institutional stickiness and the new development economics. American Journal of Economics and Sociology/the American Journal of Economics and Sociology, 67(2), 331–358. https://doi.org/10.1111/j.1536-7150.2008.00573.x
6. Smith, V. L. (2003). Constructivist and ecological rationality in economics. the American Economic Review, 93(3), 465–508. https://doi.org/10.1257/000282803322156954
7. Rushforth, B. (2003). "A little Flesh we Offer You": The origins of Indian slavery in New France. William and Mary Quarterly/the William and Mary Quarterly, 60(4), 777. https://doi.org/10.2307/3491699
8. Keating, B., Buchanan, J. M., Tollison, R. D., & Tullock, G. (1982). Toward a theory of the Rent-Seeking society. Southern Economic Journal, 48(3), 823. https://doi.org/10.2307/1058683
9. Llobera, J. R., & Hall, J. A. (1999). The State of the Nation: Ernest Gellner and the Theory of Nationalism. Journal of the Royal Anthropological Institute, 5(4), 661. https://doi.org/10.2307/2661189
10. Béland, D. (2016). Ideas and institutions in social Policy research. Social Policy & Administration/Social Policy and Administration, 50(6), 734–750. https://doi.org/10.1111/spol.12258
11. Shahrzad Mojab. (1991). The state and university: The "'Islamic Cultural Revolution'" in the institutions of higher education of Iran, 1980-1987
12. Antonsich, M. (2009). On territory, the nation-state and the crisis of the hyphen. Progress in Human Geography, 33(6), 789–806. https://doi.org/10.1177/0309132508104996
13. North, D. C. (1994). Economi c performance through time. Ameri can Economic Review, 30(93), 9–18. https://biblat.unam.mx/es/revista/revis ta-universidad-eafit/a rticulo/economic-performance-through-time
14. Krueger, A. O. (2008). The political economy of the Rent-Seeking society. In Springer eBooks (pp. 151–163). https://doi.org/10.1007/978-3-540-79247-5_8
15. Demsetz, H. (2002). Toward a Theory of Property Rights II: The Competition between Private and Collective Ownership. the Journal of Legal Studies/the Journal of Legal Studies, 31(S2), S653–S672. https://doi.org/10.1086/342028
16. Ayob, A. H., & Saiyed, A. A. (2020). Islam, institutions and entrepreneurship: evidence from